ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی :کارەساتێکی گەورەی تەندروستی لە غەزە لە ئارادایە

وتەبێژی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژە بەوە دەکات کارەساتێکی گەورەی تەندروستی لە غەزە هەیە، بەشێوەیەک بەشێک لە نەشتەرگەریەکان لەلایەن پزیشکانەوە بەبێ بەنج ئەنجام دەدرێت.

ئەمێ سشەممە ،کریستیان لێندەمێر، وتەبێژی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاند، کارەساتێکی گەورەی تەندروستی لە غەزە لە ئارادایە، بەشێوەیەک بەشێک لە پزیشکان بەبێ بەکارهێنانی بەنج نەشتەگەری بەتایبەتی نەشتەرگەری دەست و پێ بڕینداران غەزە ئەنجام دەدەن.

ئاماژەی بەوە کرد، زیاتر لە 160 کارمەندی بواری چاودێری تەندروستی لەمیانی کارکردنیان لە غەزە گیانیان لەدەستداوە.

کریستیان لێندەمێر هەروەها داوای کرد کۆتوبەندی سەر فریاگوزاریەکان تەندروستی و پزیشکیەکان لەسەر کەرتی غەزە هەڵبگیرێت. هاوکات هۆشداری دا لە گەورەبوونی زیاتری کارەساتەکە مرۆیەکان لە کەرتەکە، بەتایبەت بەهۆی نەمانی دەرمان و چارەسەری پێویست بۆ چارەسەکردنی بریندارەکان.